# حەمەسعید بۆچی خەڵکی وولاتەکەی خۆش ناوێت؟

حەمەشەریف قادر–سلێمانی

بە درێژایی تەمەنم ، کەسم نەبینیوە هێندەی حەمەسەعید حەسەن رقی لە خەڵکی وولاتەکەی بێت ، هێندەی ئەو خیانەتکارانە خراپەی بەرامبەر میللەتەکەی کردبێت و هەوڵی دابێت مێژوو و خەباتی گەلەکەی بشێوێنێت ، وەك دوژمنێکی سەرسەختی هەموو رۆشنبیرێك بێ ئەوەی کەسی لێ دەربکرێت هەردەم لە پەرێزدایە بۆ ئەزیەت دان و زەبر لێوەشاندنیان.

حەمەسەعید کە خۆی بە ساتیرەکانیەوە بادەدات ، بەردەوام ناخی نەخۆشی خۆی پێ تێردەکات و دەڵێت (ساتیر بە شێوازێکی گاڵتەجارییانەی بریندارکەر......) ، ئایا نازانێت ساتیرەکانی چ میکرۆبێکی پیسن لە ناو ئەدەبی کوردەواریدا چونکە هەمووی بریتیە لە ناحەقی‌کردن بە رۆشنبیرانی کورد ، سەیر لەوەشدایە کە دەیەوێت وا خەیاڵ بکات کە ئەمیش وەکو شێخ رەزای تاڵەبانی و عەزیز نەسینە...!، نازانێت کە ئەم ناگاتە تۆزی کەوشەکانی ئەوان ...... گەر واش خۆی هەڵخەڵەتاندبێت ئەوا زور بە سەهودا چووە.

من ئەو پرسیارە لە حەمەسەحاف* دەکەم ئایا لە هیچ وولاتێکی دونیادا ، هیچ نووسەرێکی ساتیر نووس ئەو بەدکاریە دەکات کە ئەو بە خەڵکی رۆشنبیری کوردی دەکات ، سەرەیان لەسەر دەگرێت بۆ شێواندنیان ، ئایا لەو ئەوروپایەی ئەو لە سایەی پارەی سۆشیالەکەیدا حەواوەتەوە ، یاسایەك نی‌یە رێگا لەو جۆرە کەسە دەم شرانە بکات کە بە زەوقی نەخۆشی خۆیان جنێو بە خەڵك دەدەن ؟ هەرگیز نەبووە و نابێت لە هیچ جێگایەکی دونیادا رێگا بەم وەرینە بدرێت ، بێگومان رەخنەگرتن و ساتیر نووسین کارێکی ئاساییە لە دونیای نووسین و رۆژنامەوانیدا نەك ئەم تاوانکاریەی حەمەسەعید حەسەن دەیکات ، من وای تێدەگەم ئەوە نەبێت کە ئەم فس فس پاڵەوانە لە ترسی جەنگی عیراق–ئێران رایکرد و نەیتوانی لەگەڵ ئێش و ئازاری گەلەکەیدا بمێنێتەوە ، وەك جرجی تۆقیو رووەو هەندەران قوچانی ، ئێستاش لە سایەی پارەی بەلاشدا و دووری دەستی یاسا لێیەوە و بە استغلالکردنی بارودۆخی کوردستانی عیراق ئەم کارە دزێوانە ئەنجام دەدات و بەداخەوەش هەندێك لە ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت دانی بۆ رۆدەکەن ، دەنا دەبێت لێپرسینەوەیەك هەبێت سنور بۆ ئەو دەستدرێژکردنە لەسەر مافی مرۆڤ دابنرێت کە حەمەسەعید حەسەن و ئەوانەی لە بابەتی ئەو دەیکەن.

رۆشنبیرانی کوردستانیش گەرچی زۆریان بەر شاڵاوی رقی حەمەسەعید کەوتن بەڵام دڵنیابن گەر سنورێك بۆ ئەم دانەنرێت سەرەی ئەوانی تریش لە رێگایە.

*سیروان عەلی وای ناودەنێت لە نووسینەکەیدا لە کوردستان نێت.لە ٢٠٠٤/٤/٩

www.kurdistannet.org